کارەبای نیشتمانیی ناوچەکانی دەربەندیخان، پەنجوێن، شارەزور، سەیدسادق و هەڵەبجەی شەهید بۆ

بەڕێوەبەرایەتی گشتی کارەبای سلەمانی ڕایگەیاند، بەهۆی دروستبوونی کێشەیەک لە وێستگەی گەیەنی کارەبای تانجەرۆ و چاکسازی لە چەند هێڵکدا، کارەبای نیشتمانیی ناوچەکانی دەربەندیخان، پەنجوێن، شارەزور، سەیدسادق و هەڵەبجەی شەهید بۆ.

بەڕێوەبەرایەتی گشتی کارەبای سلەمانی، ئەمشەو لە ڕاگەیەندراوێکدا بۆی ویکردوون، ئاگاداری دانیشتوانی سنورەکانی دەربەندیخان، هەڵەبجەی شەهید، خورماڵ، سەیدسادق، پەنجوێن و شارەزور دەکەینەوە کە بەهۆی چاکسازیی لە هێڵکانی 132 کەی ڤی گواستنەوەی کارەبای وێسگەی باشور-دەربەندیخان، وێستگەی ئازمە - دەربەندیخان، هێڵی 132 کەی ڤی تانجەرۆ - سەیدصادق - پەنجوێن ڕاگیرابون بۆ کاری چاکسازیی، لەئێستادا بەهۆی دروستبوونی کێشەیەک لە وێستگەی گەیەنی کارەبای تانجەرۆ، کارەبایان نیە .

ئاماژەی بۆوشکرد، لە ئێستادا تیمەکانی چاکسازیی وێستگەکان و هێڵکانی بەڕێوەبەرایەتی گواستنەوەی کارەبای سلیمانی سەرقاڵی چارەسەرکردنی کێشەکەن.